# جلی کوردی لەنێوان لەنێوچوون و عەییەدا

■ ئا: ڕێباز سەیدە



ئەگەرچی زمان و مێژوو هۆکارێکن بۆ ناسینی نەتەوەیەك، ئەوا جل و بەرگ و کولتوریش هۆکارێکی ترن، نەتەوەی کوردیش بە درێژایی مێژووی دوو هەزار ساڵەی خۆی، خاوەنی زمان و کولتوری جل و بەرگی تایبەت بەخۆی بووە، بەڵام ئەمڕۆ زۆرێك لە کولتورو داب و نەریتی کوردی لەناوچوون، خەریکە جلی کوردیش نامێنێ، جگە لە بەساڵاچوان، تاك و تەرا تووێژەکانی تر دەیپۆشن، ئاخۆ نهێنی ئەمە چی بێت، هۆکاری چی بێت؟ دەبێت تاکەکانی کۆمەڵ حەز بە سیمای کورد بوونی خۆیان نەکەن، یان کارتێکەرێك هەیە؟ بۆ ئاشکرا کردنی شتە شاراوەکان هەڵگۆرد بە پێویستی زانی بەدواداچوونێك بکات، تاکو ڕاستیەکانمان بۆ ڕوون ببێتەوە، (عەبدوڵڵای بەرگ دروو) پێی وایە ئەمڕۆ جلی کوردی بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە، ئەو دەڵێت " دەتوانم بڵێم لە ٤٠٪ ئەمساڵ جیاوازی هەیە لەگەڵ ساڵانی تر، ساڵانی ڕابردوو پێش دەست پێکردنی جەژن خەڵکێکی زۆر جلی کوردیان لەلام بە درون دەدا، بەڵام ئەمساڵ پێچەوانەی ساڵانی ترە، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ تێچووونی پارەیەکی زۆر، چونکە تۆ قاتێك دەکەیت بە (٤٥)چل و پێنج هەزار دینار، دەبێت کڵاشێك و پشتێنێکیش بکڕی" مامۆستا مەلا(ڕەسول) کەمی پۆشینی جلی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەری دەوروبەر، وەکو تێکەڵ بوون بە نەتەوەو میللەتانی ترو گرانی درونی لە بازاڕەکاندا. ئازاد ئەحمەد تەمەن ٢٣ ساڵ جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئەو زۆر حەز لە جلی کوردی دەکات، لەگشت بۆنەکانیش دەی پۆشێت، بەڵام ناتوانێ ڕۆژە ئاساییەکان بیپۆشم، چونکە زۆر کەس تانەو تەشەرت لێدەدەن و بە کۆنەپەرستت تێدەگەن، وە بەدیوێکی تردا دەڵێت "لەڕووی سۆزداریشەوە کاریگەری خۆی هەیە" دکتۆر عەبدوڵڵا بەپێی خوێندنەوەیەکی پزیشکییانە باسی لەو دیاردەیە کرد و وتی "جلی کوردی ئازادیەکی تەواو دەبەخشێت بە جەستەی مرۆڤ، ئەندامەکانی مرۆڤ سروشتی گەشە دەکەن، وە بەستنی پشتێن هۆکارێکە بۆ لەناو بردنی پشت ئێشەو بەهێز بوونی بڕبڕەی پشت، بەڵام کەم بوونەوەی دەگەڕێتەوە بۆ بە جیهانی بوون، تا ڕەدەیەکیش دەتوانم بڵێم چاو لێکەری" شناروێ ڕەسول کچە خوێندکاری پەیمانگا، بەڕای ئەو خوێندنگاکان هەر لەسەرەتایی تاکو پەیمانگاو کۆلێژەکان، هۆکارێکن بۆ ونکردنی ئەو سیما نەتەوەییە، چونکە لە قوتابخانەکان ڕێگە بە خوێندکاران نادرێت جلی کوردی بپۆشن، سەید جەمال پیشەی وێنەگرە، پێی وایە گەنجان زۆر حەز بە جلی کوردی دەکەن بێ جیاوازی لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ، زیاتر ئەوانەی دەچن بۆلای حەز دەکەن بە جلی کوردی وێنە بگرن، بەڵام بە منالی وا ڕاهێنراون کە جلی کوردی لەبەرنەکەن، هۆکارێکی تر لێنەهاتن لە بەژن و باڵا ڕەنگ پێنەگرتن، ڕەنگە ئەمەش هۆکارێك بێت کە لەمناڵیەوە لەبەریناکەن و لەتەمەنی گەنجیش ببێتە شەرمێك. ڕێبوار محمد تەمەنی ١٩ ساڵە، هەرچەند جارێك جلی کوردی دەپۆشێت، وادەزانێت هەرچی خەڵك هەیە سەیری دەکەن، چونکە هەر بەمنالی وا ڕاهێنراوە جلی کوردی نەپۆشێت، بەبەردەوامی هەر کابۆو قەمیسی لەبەر کردووە، بۆیە ئێستاش کەم لەبەری دەکات.مامۆستا حوسێن مامۆستای کۆمەڵایەتی، ئەو بەبەردەوامی حەزی لێ یەو بەبەردەوامیش دەیپۆشێت، ئەوەش دەخاتەڕوو کە " کەم پۆشینی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە " لە فەرمانگە حکومیەکان کە جلی کوردیت لەبەر بێت ئیش و کارەکانت بۆ ڕایی ناکەن وەك پێویست، وادەزانن کەسێکی بێ شەهادەو کۆنە پەرستی وە چاولێکەری و ڕێگە گرتن لەوکەسانەی کە فەرمانبەرن، نمونە ناتوانین لە دەزگایەکی سەربازی جلی کوردی لەبەرکەین لەکاتی دەوام".

"جلی کوردی ئازادیەکی تەواو دەبەخشێت بە جەستەی مرۆڤ"

# قانیع ئالانی زیندانی سیاسی، ئازارەکانی زیندان دەگێڕێتەوە

ئا: هەڵمەت خاڵە میر

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لەسەردەمی ڕژێمی لەگۆڕنراوی بەعس، هەڵگۆرد بە پێویستی زانی دیدارێك لەگەڵ زیندانی سیاسی (قانع محمد أمین ناسراو بە قانع ئالانی)سازبکات، بەخاتر ئەوەی لاوان و نەوەی نوێش لەم نەهامەتیانەی سەردەمی رابردوو ئاگاداربن.

"گەرچی دووژمن وادەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندام قوتابیخانەیە"

**هەڵگۆرد: لەساڵی چەند زیندانی کرایت؟**

قانع ئالانی: دیارە من دوو جار دەستگیرکراوم جاری یەکەم لە ١٩٨٧/٢/١٤ دوای ئەوەی مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی شەهید (دلشاد حەسەن ئاغا) دابەزی بوون بەدوایان دانااردم بۆ جێ بەجێ کردنی ئیش و کارەکانی ڕێکخستنی نهێنی لەناو شار، دوایی چووم و کۆبوومەوە لەگەڵیان، لەکاتی گەڕانەوەمدا کاتژمێر پێنجی ئێوارە لەسەر ڕێگای (سیساوە – شێخ مەمودیان)ئەوکاتە ناوچەی قەدەغەکراوبوو لەلایەن ڕژێم، کەوتمە بۆسەیەکی هێزەکانی ڕژێم و دەستگیریان کردم، هەروەها جاری دووەم لە ١٩٨٨/١١/٢ لەسەر هەمان کێشەی پێشوو، بەڵام بەفەرمانی ئیستیخباراتی عاممەی بەغداد لەلایەن مەنزومەی شیمالی هەولێر دەستگیرکرامەوە.



**هەڵگۆرد: ئەو مەفرەزەیەکێ بوون کە دەستگیریان کردیت؟**

قانع ئالانی: لەلایەن مەفرەزەیەکی خائینەوە لە جاشەکانی سەر بە ئیستیخبارات پێك هاتبوون، لێرەدا نامەوێت ناوەکانیان بهێنم!.

هەڵگۆرد: تۆمەتی زیندانی کردنەکەت چی بوو ؟

قانع ئالانی: لەو شوێنەی تێیدا دەستگیرکرام، یەکەم (ناوچەی قەدەغەکراوبوو) دووەم چەند بەڵگەنامەیەکی ڕێکخستنم پێ بوو، کە بریتیبوون لە (نامەو فیلمێکی فۆتۆگرافی و کە وێنەی بەڕێزان کاك کۆسرەت و شەهید حەسەن کوێستانی و شەهید دلشاد حەسەن ئاغا و کاك شێمحەمەدو چەند پێشمەرگەیەکی تر) لەهەمان کاتدا سەرپەرشتی شانەیەکی ڕێکخستنم دەکرد.

**هەڵگۆرد: ماوەی زیندانی کردنەکەت چەند بوو؟**

قانع ئالانی: جاری یەکەم، واتا لە ١٩٨٧/١٢/١٤ دوومانگ و هەژدە ڕۆژ لە مەنزومەی شیمالی مامەوە، دواتر ئازاد کرام، هەڵبەتە ئەو ماوەیە لە ژێر ڕەحمەتی جۆرەها ئازارو ئەشکەنجە دەژیام، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ نهێنیەکم نەدرکاند، نامەیەکی نهێنیم بەدەستەوە گیرابوو، کە ئەوکاتە ناوی نهێنیەکەم (کۆشش)بوو، وە هەر ئەوناوەش لەسەر نامەکە هەبوو، ئەمەش هۆکارێك بوو، ئەگینا نەمدەتوانی نکۆڵی لێ بکەم، وەهەروەها جاری دووەم لە ١٩٨٨/١١/٢١ دەستگیرکرامەوە، دوای دە ڕۆژ مانەوەم لە مەنزومەی شیمالی بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەت لە بەرەبەیانێکی زوودا چاویان بەستمەوەو گواستمیانەوە بۆ ئیستیخباراتی عاممە لە بەغدا، ماوەی پێنج مانگ هیچ هەواڵێکم لە ماڵەوە نەبوو، لە ١٩٨٩/٣/٢٧بەرزکرامەوە بۆ مەحکەمە سەورا ئەوکات (عەواد بەندەر) سەرۆکی دادگابوو، بەپازدە ساڵ زیندانی حوکم درام بەماددەی (احکام خاص_١٧٥) دواترگواسترامەوە بۆ زیندانی (بادروش)لە موسڵ ماوەی ساڵێك مامەوە دواتر گوازرامەوە بۆ ئەبوغرێب، لە ١٩٩١/١٢/٢٤ بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرام.

**هەڵگۆرد: لە مەنزومەی شیمالی ژیانتان لەناو بەندیخانە چۆن بوو، وە لە ئەبو غرێب و شوێنەکانی تریش؟**

قانع ئالانی: لە مەنزومەی شیمالی – هەولێر لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵمدا خۆشبەختانە هیچ زانیاریەکم لەسەر ئەو بەڵگانەی بە دەستمەوە گیرابوون بێگومان ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریاندام، دواتر کە گوازرامەوە بۆ ئەبو غرێب هەڵواسین و فەلاقەو کارەباو خستنە ناو ئاوی ساردو قسەی سوك و جەرگ بڕ بەخۆمان و سەرکردەکانی شۆڕش ڕۆژانە وەك بەرنامەیەك دووبارە دەبوونەوە بەرامبەرمان، لێرەدا من ناتوانم بە وشە تەعبیر لە جۆری ئەم ئەشکەنجانە بکەم، یان بەدیوێکی تردا ئەستەمە بتوانم ئەم ئازارانە بە نوسین بنوسمەوە، چونکە هەموو ڕۆژێك مردنمان بەچاوی خۆمان دەدیت.

هەڵگۆرد: ئایا ترسناکترین ڕووداو کە لە بەندیخانەکە ڕوویدابێت چی بوون؟

قانع ئالانی: لەگیرانی یەکەم جارمدا، ئەوەی بۆمن کارەسات بووبێت پێنج پێشمەرگە دەستگیرکرابوون، دووانیان یەکێتی بوون بەناوەکانی (دیدار و عبدالباست)وە (عبدالله و هاشم)کە پارتی بوون، ئەوەی تریشیان گەر هەڵەنەبم ناوی (زرار)بوو سەر بە سۆشیالیست بوو، دەمەو عەسرێك لەئێمەیان جیا کردنەوەو دوای کاتژمێر دووی شەو گوللە بارانیان کردن لە مەنزومەی شیمالی، ئەمە یەکێك لەو ڕووداوانەبوو کاتێك دەنگی تەقەو بیستنی هەواڵی شەهید کردنیان بەگوێمان چرپا، ئیدی ئومێدی دەرچوون لەم بەنیخانەیە بەدی نەدەکرا، هەروەها لەهەمان شوێن کوڕێکی ئەرگۆشی کە ناوی (نوری)بوو، لەلایەن هەمان ئەو خۆفرۆشەی کە منی بەگرت دابوو خەبەری لێ درابوو، شەوو ڕۆژێك بە هەڵواسراوی ئازاردانێکی زۆر نامرۆڤانە کە بە هۆیەوە شەهید بوو، کاریگەریەکی زۆر ناخۆشی لەسەرم هەبوو بەجۆرێك هەرگیز ناتوانم ئەو ڕۆژەم بیرچێتەوە.

**هەڵگۆرد: ئایا کێبوون ئەوانەی لە بەندیخانە لەگەڵیان دەژیای، خەڵکی باڵەکایەتیت لەگەڵ بوو؟**

قانع ئالانی: خۆت دەزانی خەڵکیکی زۆر لەم سەردەمەدا بەهۆو بەبێ هۆ لەلایەن ڕژێمەوە دەست گیر دەکران، خەڵکێکی زۆر لەگەڵ من گیرابوون، زۆربەی ناوەکانم بیر نەماوە، ئەوەندەی پەیوەندی بە دەڤەری باڵەکایەتی هەیە ئەوانەی بیرم ماون خوا لێخۆشبوان (شەهید مستەفا ناوپردانی و حوسێن ئاغای ئالانی و ڕەشید ئێنەیی و جەلال ئیسماعیل و محمد و فیصل ڕەشدووری)لەگەڵ داوای لێبووردنم کە ڕەنگە هەندێکیانم بیرنەمابێ، بەڵام ئەمەوێ شتێك بیرخەمەوە کە جارێکیان کاك ڕەشید ئێنەیی دوای ئەوەی لەژێر لێکۆڵینەوە ئەوەندە تەعزیب درابوو، خوێن لەسەری پەنجەکانی ئەڕۆیشت، پێم وت ئەوەچییە؟ جنێوێکی بە سەددام دا بێ ئەوەی هەست بکات لە زینداندایە، دوای منیش (مەلا حوسێن ماوانی)لە هەمان بەندینخانە دابوو..

<u>بەکورتی</u>

قانع محمد أمین ئالانی لە ١٩٦٤ لە گوندی ئالانەی سەر بەقەزای چۆمان لە دایك بووە، لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی کردووە، لەساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە تاکو ساڵی ١٩٨٦ لەساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ زیندانی بووە تاکو ١٩٩١، دواتر بۆتە کارمەندی ئاسایش لەچۆمان، ئێستا کادری بەشە لە مەڵبەندی ٣٧ی ڕێکخستنی چۆمان.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com